# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (ملوانکەی ئەفسووناوی)

سەردار قادر
(سلێمانی)




ڕەنگە هەریەک لە ئێمە لەسەر مێژووی ئەفسانە دەیان کتێبی باشمان خوێندبێتەوە، ئەو ساتەی قسە و باس لە بارەی چیرۆکە نەمرەکان و ئەفسانە و حیکایەت و داستانەکانی نێو ئەدەبی (منداڵان) دێتە ئاراوە، ڕاستەوخۆ چیرۆکی ((نێلز و سندرێلا و گەشتەکەی سندباد و عەدنان و لینا و قورینگی (هانس ئەندرسن) و دەنکە هەنارەمان... تاد)) بیردەکەوێتەوە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین مێژوو لەگەڵ ئەفسانەدا دوانەی یەکترین، لە هەمان کاتیشدا هەردووکیان بەرهەمی عەقڵی مرۆڤن، ناکرێ هیچ شارستانیەتێک بێ ئەفسانە بووبێت و هیچ ئەفسانەیەکیش بێ شارستانیەت بووبێت.

دەمەوێ لێرەدا بەپێی توانایی خۆم خوێندنەوەیەکی چڕوپڕ بۆ (ملوانکەی ئەفسووناوی) بکەم و گشت کەلەبەرە نەوتراوەکانی تاووتوو بکەم.

### ئەفسانە لە هزری (نووسەر)دا

ئەمین محەمەد لە ڕۆمانی ملوانکەی ئەفسووناویدا وەک توێژەرێک بایەخی بەو گۆڕانکارییە زانستییانە داوە، کە لە نێو خەیاڵی مرۆڤدا ڕوودەدەن و لە نێو ئەفسانەدا ڕەنگ دەدەنەوە، چونکە ئەوە ڕاستییەکە بەردەوام لە خەیاڵی مرۆڤدا کۆتایی نایەت، بەڵکوو هەمیشە بە بەردەوامی لەگەڵ کات و مێژوودا لە گۆڕاندا دەبن، هەروەها واقیع هەر بەدواچوونێکی زانستییانەی بۆ بکرێ، لە سەرەتاوە بە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی لەبارەی سروشتی جیهانەوە دەست پێ دەکات، کە ئەمەش گۆڕانکارییەکانی واقیعیان تێدا ڕوودەدەن.

بە شێوەیەکی گشتی ئەمین محەمەد کارێکی وای کردووە بیر و هزری زۆربەی خوێنەر و ڕۆماننووسەکانی پێوە خەریک بکات، لەمەوە وا دەردەکەوێ کە گرنگ نەبێ وێنەی ئەو واقیعە دیاری بکرێ کە لە زانست و ئەفسانەدا هەن، بەڵام زۆر پێویستە گفتوگۆ و ڕووبەڕووبوونەوەکان لەبارەی زانست و ئەفسانە و ڕەهەند ئەفسانەییەکانی زانست بە بیر بهێنرێنەوە.

ئەو لەم ڕۆمانەدا بە خەیاڵێکی ئەفسانەیی کچێک دەکاتە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی و دواتر دەیکات بە کارەکتەری ئەفسانەکان و گشت شوێنەوارە ئاسمانییەکان و جێگە بەناوبانگەکانی جیهان دەکاتە یارییەک بەدەستی ئەو کچە، هەندێک جاریش خۆشی بەخەیاڵ وەک مێردمنداڵێک بەشداری تێدا دەکات.

## گەڕانەوە بۆ منداڵی

پەیامبەر عیسا دەفەرموێ (ئەگەر نەگۆڕێن و وەک منداڵتان لێ نەیەت، هەرگیز ناچنە ناو شانشینی ئاسمانەوە!).

بە بۆچوونی من ئەو ساتەی مرۆڤ دووبارە گەورەبوونی خۆی ئاوێتەی منداڵی دەکاتەوە، جەستە و ڕوحی خۆی بە ئەوینەوە بۆ نێو باوەشی منداڵی دەگەڕێنێتەوە، بەردەوام هەست بە ئارامی و خۆشگوزەرانی دەکات، بەدڵنیاییەوە جارێکی تر سەرلەبەر شێوازی ژیانی دەگۆڕێت،

کەوابوو گەڕانەوە بەرەو باوەشی منداڵی ژیانی داخراو جێ دەهێڵێت و مرۆڤ دەتوانێ لەوێدا بەئازادی بژی، بۆیە زۆر بەڕوونی خۆشەویستییەکی ئێجگار قووڵی تێدا بەدی دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵ دەوروپشتی و هاوڕێکانیشدا زۆر نەرم و نیانتر و مرۆڤانەتر دەبێت.

لێرەوە دەڵێین با هەریەک لە ئێمە هەوڵ بدەین، هەنگاو بە هەنگاو بە منداڵیی خۆماندا بچینە خوارێ و هەمیشە وەک منداڵ بیربکەینەوە، فێر بین هەموو شتێکمان خۆش بوێت، ڕێز لە هەموو شتێک بگرین و وەک منداڵ میهرەبان و بێ زیان بین.

ئەمین محەمەد لەم ڕۆمانەیدا بەڕوونی پێمان دەڵێت گەڕانەوە بۆ منداڵی لە ناخێکەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەگەر هەر مرۆڤێک وەک منداڵ بیرنەکاتەوە، وەک منداڵ لە دڵەوە پێنەکەنێ، وەک منداڵ جوانی و میهرەبانی لێ نەڕژێ، وەک منداڵ نەرمونیان و خاوەن هەستێکی ناسک نەبێ، با خۆی تاقی نەکاتەوە، چونکە ناتوانێ بە خەندەی دەستکرد سەرنجی هیچ منداڵێک بۆ لای خۆی ڕابکێشێ!

من هەست دەکەم گەڕانەوە بۆ ناو منداڵی کرۆکی هەموو شتەجوان و بە بەهاو نایابەکانەو لێوانلێوە لە سیحر و تەلیسم کە سەرچاوەی ئیلهامی هەموو داهێنانێکە.

بە بۆچوونی من بەبێ گەڕانەوە بۆ منداڵی، هەرگیز ناتوانین خۆمان بین، ئەم گەڕانەوەیەش دەبێ پڕ نۆستالیژی بێت.

## ڕۆماننووس و قۆناغی پێشکەوتنێکی تر لە ئەفسانەدا

ئەگەر ئەفسانە و چیرۆک و داستانی سەرجەم نەتەوە و پێکهاتە ئایینییە جیاوازەکانی نێو گەلان، وەک گێڕانەوەیەکی ناڕاست و بە مەبەستی شاردنەوەیان بۆ هەر مەبەستێکی تر دەستی پێ کردبێ، یان وەک چیرۆکێکی بەرئاگردان بە فەنتازیای مەبەستدار ڕازابێتەوە، یان بۆ نەتەوەسازی و دروستکردنی پێناسی هاوبەشی نیشتمانی بووبێت و لەهەمان کاتدا بۆ ڕەوایەتیدان

بە داگیرکردنی خاک و زەوتکردنی ماف بێ، یان بۆ وێرانکاری و پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆساید و لەناوبردنی نەتەوەیەک دروست کرابێت، ئەوە بەپێچەوانەوە ڕۆمانی (ملوانکەی ئەفسووناوی) بەرهەمێکی ئەدەبییە و تایبەتە بە جیهانە جوانەکەی مێردمنداڵان و وەک ئەفسوونێکی سپی نووسراوە.

لە هەمان کاتیشدا بەرچاوڕوونییەکە بۆ ناسینی گالیسکەی حیکایەتسازی گشت منداڵانی جیهان، کە چۆن ژیان و جیهانێکی تری سەر هەسارەکانمان لەڕێگەی خەیاڵەکانییەوە پیشان دەدات؛ تەنیا ئامانجی نووسەر ئەوەیە منداڵان لە جیهانێکی پڕ لە خەونی ڕەنگاڵەییدا ئاوات و ئامانجەکانیان بۆ نێو جیهانێکی تر بەرن، دواجار بە وانە زانستییەکانی، منداڵان پەروەردە و گۆش بکات، تا لە ئایندەدا ببنە مێردمنداڵێکی هەمیشە ژیر و داهێنەر و بلیمەت، ئاشتی و مرۆڤ دۆستی وڵاتیان بە ئاوەدانی بسپێرن، پارێزگاری لە ئاسایش و تێکۆشان و سەرکەوتنیان وەک گوڵی ئازادی بە هەموو منداڵانی جیهان ببەخشێت.

## ناوونیشان، وەک ڕەگەزێکی گرنگ و سەرنجڕاکێش لە ڕۆمانی ملوانکەی ئەفسووناویدا

(ئەمین محەمەد) وەک نووسەر و شاعیرێکی خاوەن بەهرە هەر لەسەرەتاوە جیاواز دەرکەوت و توانی لە چیرۆک و ڕۆمان و شیعرەکانیدا کە بۆ منداڵان نووسیونی بەشێوازێکی نوێ و هونەرێکی سەرنجڕاکێش جوانترین ناوونیشان بۆ هەموو دەقەکانی بەکاربێنێت و وا لە خوێنەر بکات زوو بەلای دەقەکانییەوە بچێ، تەنانەت لە نووسینی دەقەکانی دیکەشیدا هەرگیز ناوونیشانی لەبیر نەکردووە و هەوڵی داوە جوانترین ناوونیشانی ناسک و سەرکەوتوو ڕەچاو بکات.

بۆ نموونە ئەگەر (ملوانکەی ئەفسووناوی) وەربگرین، دیارە ڕەگەزی تەواوی هونەری و جوانکاری ناوونیشانی تێدایە، چونکە ناوونیشانەکە تەنیا لە دوو وشە پێکهاتووە، هەر لەسەرەتاشەوە وا لە منداڵ و مێردمنداڵ، تەنانەت گەورەکانیش دەکات حەز بە بینینی ئەو ملوانکە ئەفسووناوییە بکەن کە دادەگیرسێ، لای مرۆڤ ملوانکە بە هەموو جۆر و ڕەنگەکانییەوە کاڵایەکی بەنرخ و سەرنجڕاکێش و گرانبەهایە، بە تایبەت زیاتر لای کچان کە خۆیانی پێ دەڕازێننەوە، یان بەدیوێکی تردا ناوونیشانەکە وێنەیەکی زیندوو و جوانییەکی بەرچاوی تێدایە، چونکە کاتێک نووسەر دەڵێت ملوانکە، بریسکانەوە و نهێنییەکی پڕ ئەفسوونی تێدایە، بە تایبەت وشەی ئەفسووناوی، بەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی پێوەندی لەگەڵ خوێنەر دروست بکات، هانت دەدات تۆی خوێنەر بە هزر و بە گیان دەست بە خوێندەوەی بکەی، بۆیە هەمیشە لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا، هەستێک هەیە کە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ناوونیشانی دەقەکە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەق و دەستپێکەکەی سەرکەوتووانە نووسراوە و خوێنەر بەخۆیەوە وابەستە دەکات، چونکە جۆرێک لە سەرنجڕاکێشانی تێدایە، بە خۆشحاڵییەوە دەتوانین بڵێین ناوونیشانی ڕۆمانەکەی (ئەمین محەمەد) هێندە جوانە لە هزر و مێشکی هەموو منداڵێک و مێردمنداڵێکدا دێت و دەچێت، هەرجارێک دەقەکانی بخوێننرێتەوە وەک یادگارییەکی جوان ناوونیشانی دەقەکەیان دێتەوە یاد.

ئەگەر بە وردی سەرنج لە ڕۆمان و دەقەکانی نووسەر و شاعیر ئەمین محەمەد بدەین، ئەوە زۆربەی ناوونیشانەکانی وات لێ دەکەن کە بچیت بەلای دەقەکانی دیکەشیدا، جگە لەمەش لەگەڵ خوێندنەوەی هەردوو ڕۆمانەکانی بەردەوام ئەو

ئەرشیڤە پڕ لە یادگارییەت دێتەوە یاد، کە ئەویش ناوی هەردوو ناوونیشانەکەیە، چونکە بەشێوەیەکی هونەرییانە یاری بە ناوونیشان کردووە و لەکاتی خوێندنەوەی ناوەڕۆکی دەقەکەدا هەردەم خوێنەر وێنەی ناوونیشانەکەی لەخەیاڵە، بۆ نموونە سەرنجی هەندێک لەم ناوونیشانانە بدەن وەک: ((کچی دوورگە بچکۆلەکە، ملوانکەی ئەفسووناوی)) لە هەمووشیان جوانتر، (ماڵی باران)، (خەونی چۆلەکە)، (گۆرانیی هەورەکان)، (سەمای ماسی)، (چۆلەکەی ژەنیار)، (جانتا شینەکە)یە.

## ڕۆمانی (ملوانەکەی ئەفسووناوی) لە ڕووی دەسپێک و ناوەڕۆکەوە

دەتوانین ئەم ڕۆمانە بە سەرنجڕاکێشترین ڕۆمانی خۆماڵی کوردی لەقەڵەم بدەین کە ڕاستەوخۆ تا کۆتایی چەندان ئەفسانەی سەیروسەمەرە بەشی سەرەکی و ناوەڕۆکی ناو ڕۆمانەکە پێک دەهێنن، بەڵام لە هەمووی جوانتر دەستپێکی چیرۆکەکانی ناو ئەم ڕۆمانەیە، کە بە خەیاڵ و فانتازیا ڕازێنراونەتەوە و هیچ ئاڵۆزبوونێک ناخاتە بەر دیدەی خوێنەر.

بۆ نموونە لە دەسپێکی ڕۆمانەکەدا بێجگە لە سەرسامی و ڕامانێکی زۆر خوێنەر بە جۆرێک وابەستە دەکات بەخۆیەوە حەزدەکات بەیەکجار دەستی لێ هەڵنەگرێ تا تەواوی دەکات.

## لە دەستپێکی ئەم ئەفسانەیە حیکایەتێکە کە خەیاڵی نووسەر سەبارەت بەکچێک دەخاتە ڕوو

سیتا کچێکی ئەفسانەیی پرچ زێڕینە، بەخەیاڵ (با) دەستی دەگرێت و دەیخاتە سەرپشتی هەورەکان لەم لووتکەوە بۆ ئەو لووتکە خەریکی بازبازێن و ڕاوڕاوێنە لەگەڵ کولووی بەفر و باراندا سەما دەکات و بە ئارەزووی خۆی بەناو گەردووندا دێت و دەچێت، لە هەموویشی فەنتازیتر و ئەفسانەییتر ئەوەیە ئەم کچە ئاو ناخواتەوە، بەڵکوو هەرکاتێ تینووی دەبێت لەڕێگەی هەڵمژینی هەورەکانەوە خێرا دەم بە هەورەوە دەنێ و لەوێوە ئاودەخواتەوە، کەواتە سروشتی ئەم کچە گەلێک لە مرۆڤ جیاوازترە، چونکە ئاشکرایە مرۆڤ ناتوانێ بێ ئاو بژی.

پێدەچێت نووسەر پێشبینی ئەوەی کردبێت ڕۆژێک دێت مرۆڤ بگاتە ئەو هوشیارییەی کە بتوانێ نەک لە هەور، تەنانەت لە ڕێی گوشینی (با)وە ئاو بە بەرهەم بێنێ.

لێرەدا نووسەر دەیەوێت بە مەیلی خۆی ئەفسانە بهێنێتەوە ناو واقیع و جارێکی تر لە ڕێگەی خەیاڵ و گێڕانەوەکەیدا پارادۆکسێک بە ئەفسانەکەی خۆی ببەخشێت، ئێمە کاتێک دەست بە خوێندنەوەی بەشی یەکەم دەکەین بە چیرۆکی سیتا و کوڕی ناو گوێزەکە تووشی سەرسوڕمان دەبین، بۆ نموونە لەبەشی یەکەمدا نووسەر دەڵێت ڕۆژێک (سیتا) بەناو دارستانەکەدا دەگەڕا، لای دارگوێزێک ڕاوەستا، دەستی برد گوێزێکی گەورەی لێ کردەوە، کە گوێزەکەی شکاند، کوڕێکی بچکۆلە لەناو گوێزەکە هاتە دەرەوە، (سیتا)ش بە سەرسوڕمانێکی گەورەوە لێی دەپرسێ تۆ کێیت؟! سیتا بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بکات، جارێکی تر دەڵێ ئەرێ بە ڕاست تۆ بۆ لەناو ئەو گوێزەدا بوویت؟ لە وەڵامدا کوڕی ناو گوێزەکە زۆر بە وردی بەسەرهاتی بزربوونی خۆی و هاوڕێکەی بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت: من ناوم (ئازایە) ڕۆژێک لەگەڵ هاوڕێکەم چاوشارکێمان دەکرد!، هاتم و لەناو ئەم گوێزەدا خۆم شاردەوە، بەڵام گوێزەکە بەخێرایی دەرگەی لەسەر

داخستم، هاوڕێکەم زۆر بۆم گەڕا، بەڵام منی بۆ نەدۆزرایەوە، ئەو وای دەزانی من چوومەتە ناو یەکێک لە دارەکان، نەیدەزانی لەناو ئەم گوێزەدام، بۆیە لە مێژە من لێرەدا بەند کراوم، ئیتر لەو ڕۆژەوە هاوڕێکەم بووە بە دارکونکەرە، ڕۆژ و شەو بەبێ وەستان قەدوباڵای دارەکان کون دەکات و بۆ من دەگەڕێ، سپاس بۆ تۆ وا ئێستا ڕزگارت کردم، لێرەدا نووسەر بە خەیاڵ شتێکی ئەستەم دەکات، ئەویش ئەوەیە کاتێک سیتا گوێزەکە دەشکێنێ لەبری کاکڵەیەک گوێزی ناسک و بەتام، کوڕێکی لێ دێتەدەرەوە.

ڕۆماننووس لە گێڕانەوەی ئەم ئەفسانەیەدا پێمان دەڵێت بزربوونی هاوڕێیەک، یان لەدەستدانی کەسێکی ئازیز هەروا ئاسان نییە لەیاد بکرێت، یان بەجارێک فەرامۆش بکرێت، کێ دەڵێت دارکونکەرە هاوڕێیەکی ئازیزی لێ ون نەبووە کە ئاوا بەردەوام بە سەرێکی بچکۆلەوە بە شەو و بە ڕۆژ بۆ دۆزینەوەی هاوڕێ خۆشەویستەکەی ڕاناوەستێ، لێرەدا نووسەر بێجگە لەوەش زۆر بە پەرۆشەوەیە بۆ ماندووبوون و شەونخونییەکانی دارکونکەرەکە، لەناخەوە هەست بەئازارەکانی ئەو باڵدارە دەکات، بۆیە دەیەوێت هاوکاری دارکونکەرە بکات بۆ دۆزینەوەی هاوڕێکەی، ئیتر بە جارێک بۆ هەتاهەتایە لەو ماندووبونە تاقەت پڕووکێنە ڕزگاری بێت و گشت ساتەکانی ژیانی لەگەڵ هاوڕێکانی لە ناو دارستانەکەدا بەخۆشی بەسەر ببات، خۆشبەختانە نووسەری ڕۆمانەکە لەم ڕێگەیەوە مۆژدە بەدارکونکەرە دەدا و پێی دەڵێت: هۆ دارکونکەرەی هاوڕێم ئیتر خۆت ماندوو مەکە، ئەوەتا هاوڕێکەت لەناو ئەو گوێزەدایە، دەی وەرە با پێکەوە بچین بۆلای، دڵنیام ئەویش چاوەڕوانی تۆیە.

نووسەر لەڕووی پەروەردەشەوە دەیەوێ مێردمندالان فێری خۆشەویستی و کۆڵنەدان و هاوڕێیەتییەکی پاک و جوان و بەئەمەک بکات، تا ئەوانیش لەگەڵ یەکتردا وەک دارکونکەرە بەوەفا بن.

لێرەدا بە خوێندنەوەی گشت بەشەکانی ناو ئەم ڕۆمانە بۆمان دەردەکەوێت ئەوەی وەک پاڵەوان ڕۆڵی خۆی تێدا دەبینێ کچێکی ئازا و چاونەترسە کە ناوی (سیتا)یە، ئەم کچە پرچ زێرینە ڕۆژێک نهێنی بەسەرهاتی خۆی لای ئازا دەدرکێنێ و پێی دەڵێت من لەپێشدا یەکێک بووم لە ڕەگەزی ئەستێرەکان، بەڕێکەوت وەک چاکەخوازێک هاتوومەتە سەر هەسارەی زەوی، ئەوەشی کە هێزی شەڕ و ئاشووبە لەناو گیانی پیرەژنێکی جادووباز و نەگریسدا بەرجەستە دەبێت، بەجارێک وەک بوونەوەرێکی شەڕانی و نەگریس ژیانی لە گشت گیانلەبەر و باڵندەکانی ناو دارستانەکە تاڵ کردووە و بەردەوام بەتاڵی پرچە درێژەکانی سنوور بە سنووری چیاکان و ڕووبارەکان تا دەگاتە سەر بەرزترین لووتکەی شاخەکان بەدەستەکانی خۆی زەوی دەتەنێ و داوڕێژیان دەکات، تا هەر باڵندەیەک بەسەر ئەو تاڵە قژانەدا بفڕێ، دەستبەجێ وەک ڕستێ بامێ وشکی بکاتەوە، وەک ئەو پۆلە قاز و قورینگە کە لە ئاسمانی دارستانەکەدا وشکی کردنەوە، پاشان لەنێوان ئەو دوو زلهێزەدا بەردەوام هەردووکیان بەتواناییەکی ئەفسووناوی و لەڕادەبەدەر دەکەونە ململانێیەکی سەخت و شەڕێکی گەورەوە، تا ئەو کاتەی هێزی ئاشتی بەسەر هێزی شەڕدا سەردەکەوێت.

ئەگەرچی لەناو ئەم ڕۆمانەدا هەموو هەسارەی زەوی خستووەتە ژێر ڕکێفی (سیتا)وە، لێرەدا ڕۆماننووس بۆ هاوسەنگ بوونەوەی هێزی هەردوولا دێت و بە خەیاڵ پیرەژنێکی تر دەکات

بە کارەکتەرێکی فریادڕەس تا هاوکاری سیتا بکات و لە جادووی ئەو پیرەژنە شەڕانییە، بە جارێک ڕزگاری بکات، ئەم پیرەژنە مرۆڤ دۆستە ناوی (دایەگەورە)ی سەر هەسارە شینەکەیە، وەک چاکەخوازێک دێت و هەرچی بەدەستی ئەو پیرەژنە جادووی لێ کراوە تێکی دەشکێنێ، ئیتر بەهۆی ئەو ملوانکە ئەفسووناوییە دەنک گەورە یاقووتییەوە کە کە ڕیتا لە گەشتی دووەمیدا بە «سیتا»ی پێشکەش کردووە، سیتا بە هاوکاری ئەو دەنکە ئەفسووناوییە تایبەتییەوە، کە دادەگیرسێت ئیتر لەنێوان هەسارەکاندا دەبێت بە پەیژەیەک.

سیتا دەتوانێ بەبێ ترس پێیدا سەرکەوێت، بێ ئەوەی هیچ کەس ڕێگەی لێ بگرێت، ئەم ملوانکە ئەفسووناوییەش هی دایە گەورەی سەر هەسارە شینەکەیە، کاتی خۆی بە هاوکاری گەلەکەی بە تاڵێک لە پرچی سپی خۆی هۆنیویەتییەوە، ئەوەی کە کەوتووەتە لای سیتا ئەو دەنکەیە کە ناوی (گوڵە ئەستێرەیە)، چونکە ڕاستییەکەی ئەو دەنکە بەدەست دایە گەورەوە پەرپووە و نەیان دۆزیوەتەوە.

ئەو دەنکەش، گوڵە ئەستێرەکەیە، بەخۆشحاڵییەوە سیتاش کاتێ دەچێتە سەر هەسارە شینەکە دەست بەجێ دەیداتەوە دەست دایە گەورە، پاشان ئەویش دەیکات بە ملوانەکە ئەفسووناوییەکە.

سیتا لە ماوەی گەشتەکانیدا دووجار بۆ سەر هەسارە شینەکە ڕۆیشتووە، بەڵام جاری دووەم بۆ ئەوە ڕۆیشتووە کە داوای یارمەتی لە دایە گەورە بکات، تا بە یەکجاری لەو پیرەژنە نەگریسە جادووبازە ڕزگاریان بکات، دایە گەورەش بە داواکەی سیتا ڕازی دەبێت و بە تاڵێک لە قژی خۆی سیتا بەخۆیەوە دەبەستێ.

دواتر نەخشە و پلانێکی سەرکەوتووی بۆ دادەڕێژێت بۆ ڕزگاربوونی یەکجاری لە دەست ئەو پیرەژنە شەڕانییە، پاشان کۆدی نهێنی پلانەکەش بەم جۆرەیە: (کچە ئەستێرەکە، دایە گەورە، هەسارە شینەکە، پاشان سیتا) وەک پاڵەوانێک بەسەر ئەو پیرەژنە جادووبازەدا سەردەکەوێت، لە کۆتاییدا فڕێی دەداتە ناو ئەشکەوتێکەوە کە سەر بە هەسارەی سێیەمە و سێ جار بە دەنگی بەرز هاوار دەکات و دەڵێت: «ئەی ئەشکەوتە ڕەشەکە ئەم بەڵایە بە تۆ دەسپێرم.»، ئیتر لەپڕ دەرگەی ئەشکەوتەکە دادەخرێت، پاشان بە هەموو هێزی خۆیەوە فوویەک دەکات، بێجگە لە پەڵەیەکی ڕەش هیچ شوێنەوارێکی ئەو پیرەژنە نەگریسە دیار نامێنێت.

سیتا بۆ سەر هەسارەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، بەم ڕووداوەش ژیان بۆ سروشتی خۆی دەگەڕێتەوە و ئارامی و ئاشتی سەرتاپای گەردوون دەگرێتەوە. وەک جاری جاران حەوت برا پاڵەوانەکە دەبنەوە بە ئەستێرەی حەوتەوانە و دەچنەوە بۆ نێو باوەشی ئاسمان. ئەستێرەی کاروانکوژە و دێوە زەبەللاحەکەی ناو بیرەکەش، لەترسا بەرەو شوێنێکی دوور و نادیار هەڵدێن، ئەم نهێنییەش کەس نایزانێ بێجگە لە نووسەرەکە خۆی نەبێت.

لەناو ئەم ڕۆمانەدا هەموو کارەکتەرەکان بەجوانی دیارن کە چۆن بە خەیاڵ دروست کراون، چونکە هەموو دەقێکی ئەدەبی، بەتایبەت دەقێک کە بۆ منداڵ و مێردمنداڵ نووسرابێت وەک پەیکەرێک وایە لە بەفر، یان لە داروبەردی دروستکراوی ڕەقوتەق و بێ گیان بێت، بەڵام ئەگەر بێتو تێکەڵ بە خەیاڵی فراوان و فەنتازیا بکرێت، ئەوە دەتوانین بڵێین خەیاڵ و فەنتازیا و ئەفسانە، ڕوحی هەموو دەقێکی زیندوون.

## ڕۆماننووس: لەنێوان بوونەوەری ئاسمانی و دەفری فڕیودا

نووسەر بێجگە لەوەی بۆ ڕووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، بە خەیاڵ جیهانێکی جوان و ڕازاوەی فەنتازی دروست کردووە کە پڕە لە باخ و دارستان و لووتکەی شاخ و دۆڵ و دەشت و ڕووبار و کانی و گوڵ و گوڵزار و ئەشکەوتی گەورەو بچووک و سەرتاپا سروشتەکەی پڕکردووە لە مێرووڵەو هەنگ و پەپوولە و خاڵخاڵۆکە و باڵندەی ڕەنگاوڕەنگ و سمۆرە و دارکونکەرە و کەروێشک و مەیموون و بەرخ و بۆق و ژیشک و زەرافە و فیل و ئەژدیهای حەوت سەری ڕەنگاوڕەنگ و قازوقورینگ و ماسی و دێوی زەبەلاح و کۆمەڵێ بوونەوەری دی.

نووسەر بە خەیاڵ دێت و وەک ئەستێرەناسێک باس لە جیهانێکی تری ئەفسانەییمان بۆ دەکات، کە لە دەرەوەی هەسارەی زەوییە، ئەو پێی وایە ڕێی کاکێشان وەک دوورگەیەک وایە لەناو گەردووندایە کە سنووری سەدان و هەزاران، بگرە ملیار ئەستێرەی تێدایە، یان چەندان شارستانی لەناو ڕێگەی کاکێشاندایە، نووسەر باوەڕی وایە کە یەکێک لەو ئەستێرانە ئەستێرەیەکی شینە کە پڕە لە بوونەوەری تر و لە تەنی نامۆ و دەفری فڕیو.

ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەیدا بەهیچ جۆرێک ئەوە ڕەت ناکاتەوە و دەڵێت، گەرچی تا ئێستا هیچ بەڵگەیەکیش نییە بیسەلمێنێت کە بوونەوەری تر لە دەرەوەی زەوی هەیە، بەڵام دەپرسێ ئەی بۆ چەندان ساڵە مرۆڤ باس لە دەفری فڕیو و تەنی نامۆ و هەسارەی تر دەکا، دیارە پێی وایە مادام لەسەر زەوی مرۆڤ و زیندەوەر دەژی، ئەوە بە دڵنیاییەوە بوونەوەری تریش هەن لە دەرەوەی زەوی بژین، بۆیە نووسەر جارێکی تر دەپرسێت و دەڵێت ئەی ئەگەر نییە، ئەم باسە بۆ لەناو خەڵکدا بووە بە بنێشتە خۆشەی سەر زمان، یان ئەمە خەڵک خۆی بە خەیاڵ دروستی کردووە، یان ئەگەر نییە، ئەی بۆ دەیان و سەدان فیلمی خەیاڵی و زانستییان لەسەر تۆمارکردوون، نووسەر دەڵێت: ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەمە بووە بە بەشێک لە خەیاڵەکانی مرۆڤ و لەم بارەوە چیرۆکی زۆریان نووسیوە.

منیش مافی خۆمە بە خەیاڵ باسی ئەستێرە شینەکە و ڕیتای بوونەوەرە ئاسمانییەکە بۆ منداڵان بکەم، چونکە لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان خۆیان لە ئێمە ئاشکرا بکەن و بێنە سەر زەوی، دواجاریش ببین بە خزمی ڕاستەقینەی یەکتر، بۆیە ئێستا نووسەر کردوونی بە کەرەستەی ئەم دەقە جوان و گونجاوانە تا مێردمنداڵان نەوە دوای نەوە تاموچێژی لێ وەربگرن.

(ملوانکەی ئەفسووناوی) ڕۆمانێکی تایبەت بە مێردمنداڵانە، بەشێکە لە کتێبێکی گەورە بە ناوونیشانی یاداشتەکانی ڕیتای ئەستێرە شینەکە، دەڵێن گوایە نزیکەی حەوت سەد ساڵ پێش زایین لەلایەن یەکێک لە بوونەوەرە ئاسمانییەکانەوە لەسەر پێستی شەمشەکوێرە نووسراوە، ئەم کتێبە لەلایەن پرۆفیسۆرێکی شوێنەوارناسەوە بەناوی (ئەمین محەمەد) لە ساڵی دوو هەزار و بیست و سێ لە وڵاتی (زاموا) لە ئەشکەوتێکدا دۆزراوەتەوە: (وڵاتی زاموا شانشینێکی سەر ئەم هەسارەیە بووە، مێژوونووسێک دەڵێ بەهۆی ناکۆکی ناوخۆوە لەناوچووە).

ئەوەی جێی سەرنجە لەم ڕۆمانە پڕ لە فەنتازی و خەیاڵی زانستییەدا، تەنانەت نووسەر خۆیشی بە شێوەیەکی فەنتازی بووە بە یەکێک لە کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە و پرسیارگەلێکی زۆر فەنتازی و خەیاڵی مێژوویی

ورووژاندووە، خوێنەر تووشی سەرسامی و بەدوادا گەڕانێکی ورد دەکات، دەڵێت ئەم دەقە لەلایەن یەکێک لە بوونەرە ئاسمانییەکانەوە نووسراوە و من دۆزیومەتەوە کە دەتوانین بڵێین ئەمە جوانترین و بەهێزترین فەنتازیای ناو ئەم ڕۆمانەیە، ئەمەش شتێکی نوێ و داهێنەرانەیە، چونکە ئەو پرسیارە گرنگە دەورووژێنێ و تا ئاستێک خوێنەر گومان دەکات و دەڵێت:

– تۆ بڵێیت ئەم دەقە ئەمین محەمەد نەینووسیبێ؟

– یان هەر بەڕاستی دۆزیبێتییەوە؟

– ئەی دەبێ یاداشتەکانی ڕیتای ئەستێرە شینەکە لە هەگبەی نووسەردا چی تری تێدابێت؟

ڕۆماننووس لێرەدا هاتووە بەشێوەیەکی زۆر ورد و زانستییانە ئەم بابەتەی تێکەڵی مێژوو کردووە و بووە بە بەشێک لە مێژووی نەتەوەکەمان، ئەوەتا پێمان دەڵێت لەپێش زایین ئێمە لەسەر ئەم خاکە ژیاوین و جێگەی باوک و باپیرمانە، چونکە ئاشکرایە وڵاتی زاموا شانشینی لۆلۆییەکانە، کە جێگەی ئێستای سلێمانییە، نووسەر بەڕوونی دەڵێت: لە وڵاتی زاموا دۆزیومەتەوە، واتا پێوەندییەکی زۆر باشی دروست کردوە و وا لە خوێنەر دەکات بەدوای مێژوودا بگەڕێت.

زاموا: لۆلۆییەکان کە یەکێکە لە پێکهاتەکانی گەلی کوردی ئەمڕۆ پێک دەهێنن، (٤٣٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا، لە ناوچەی (میزۆپۆتامیا)، بە تایبەتی لە خوارووی گۆمی ورمێ و زێی بچووک و شارەزوور و زەهاودا، تا نزیکی شاری کەرکووک، دەوڵەتێکی کوردییان دامەزراندووە. لە سەردەمی ئاشوورییەکاندا بەو ناوچەیان دەوت (زاموا). بە گشتی پارێزگەی ئێستای سلێمانی دەگرێتەوە، کە نیشتمانی لۆلۆییەکان بووە، لۆلۆییەکان دەبنە دوو بەش: یەکێکیان لە نێوان دوو ڕووباری دیجلە و فورات بە ناوی (سۆبارتۆ)، ئەوی تریان لە دەشتی زەهاو و شارەزوور و دەوروبەری سلێمانیدا ژیاون کە ئاشوورییەکان بە (زاموا، یان سازاموا) ئاماژەیان بۆ کردوون، لە یەکێک لە نووسراوەکانی (ملک شوسین) لە ساڵی (٢٠٣٦- ٢٠٢٨) پ. زدا هاتووە کە زمانی سوئی و لۆلۆییەکان وەک یەکن .

ڕۆمانی (ملوانکەی ئەفسووناوی) دووەمین بەرهەمی شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس (ئەمین محەمەد)ـە کە تایبەت بۆ مێردمنداڵانی نووسیوە .

ئەم ڕۆمانە (١٢) بەشە، (٩٢) لاپەڕەیە، چاپی یەکەمی لە چاپخانەی (پاندا) لە ساڵی (٢٠٢٤)دا چاپ کراوە، یەکێکە لە بڵاوکراوەکانی دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە، بە سپۆنسەری دارایی دکتۆر (تەها ڕەسووڵ) چاپ کراوە، تیراژی (٥٠٠) دانەیە.

ملوانکەی ئەفسووناوی، ڕۆمانێکی خەیاڵیی فانتازییە، لە هەمان کاتیشدا ڕۆمانێکی خەیاڵیی زانستییە، هەر لە ناونیشان و دەسپێکەوە تا ناوەڕۆک و کۆتایی، گشت هەقایەت و ڕووداوەکانی بە ئەفسوون کۆتاییان دێت.

**تێبینی:**

هەموو زانیارییەکانم لەسەر ئەفسانە و مێژووی ئەفسانە و ڕەچەڵەکی ئەفسانە لەجیهاندا تا دەگاتە کوردستان و ئەمڕۆی ئەفسانەی کوردی لە بۆردی نووسەرانی ئینسکلۆپیدیای زانیاری دڵشاد کاوانی، ڕۆمانی بەڕێگاوە، لە ئینجیلی پیرۆز- مەتا ١٨وە وەرگرتووە.